کۆنووس

به پێ ی فەرمانی کارگێری بەڕێوەبەرایەتییەکەمان ژمارە 4527 لە 2014/5/25 لیژنەی پێداچوونەوەی نرخی (پشکنینی کارگە و تۆمار کردنی کارگە و دەرمان و پشکنینەکانی تاقیگەیی و ڕێگەپێدان) لە ڕێکەوتی 2014/6/9 کۆبوونەوەی ئەنجام دا وە پێشنیار کرا بە ئەنجامدانی هەنێك گۆڕانکاری لە کۆنووسی پێشوو وە دوای گفتوگۆ کردن ڕێکەوتن لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە.

1. بڕی 2.500.000 دوو ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەربگیرێت هەر (5) پێنج ساڵ جارێك بۆ تۆمار کردنی کارگەی بەرهەمهێنانی دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی عیراق بە مەبەستی دڵنیا بوون لە کارکردن لەسەر بنەماکانی (GMP) پێش مۆڵەت دان بە فرۆشتنی بەرهەمەکانیان لە ناو هەرێمی کوردستان.
2. بڕی 1.500.000 یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار وەربگیرێت لە جیاتی 500.000 پێنج سەد هەزار دینار بۆ تۆمار کردنی (1) یەك دەرمان بە مەبەستی فرۆشتنی لە ناو هەرێمی کوردستان بۆ ماوەی (5) پێنج ساڵ ئەوەش بە (2) دوو جار وەردەگیرێت (750.000 هەزار دینار لە تۆمارکردنی سەردتایی و 750.000 دینار لە تۆمارکردنی کۆتایی) ، ئەم تۆمار کردنەش تەنها بۆ جاری یەکەم دەبێت.
3. 750.000 حەوت سەد و پەنجا هەزار دینار وەربگیرێت لە جیاتی 150.000 سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ تازە کردنەوەی تۆمار کردنی دەرمان هەر (5) پێنج ساڵ جارێك کە مۆڵەتی فرۆشتنی هەیە لە هەرێمی کوردستان.
4. پێدانی مۆڵەتی دروستکردنی (1) یەك کارگەی دەرمان یان فراوانکردنی (1) یەك کارگەی دەرمانی دامەزراو یان گۆڕینی جۆری بەرهەمی (1) یەك کارگەی دەرمان یان پێداویستی پزیشکی لە هەرێمی کوردستان تەنها نرخی فۆرمی تۆمارکردنی دەکەوێتە ئەستۆ .
5. نرخی (1) یەك فۆرم لە بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بەم شێوەی خوارەوە دەبێت :

ز	جۆری فۆرم	نرخی فۆرم (1) یەك دانە
1.	فۆرمی تۆمارگردنی کارگەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی (کارگەی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم).	25.000 بیست و پێنج هەزار دینار.
2.	فۆرمی تۆمارگردنی دەرمان (بەرهەمی کارگەی ناوەوە و دەرەوەی هەرێم).	25.000 بیست و پێنج هەزار دینار.
3.	فۆرمی ڕێگەپێدان بۆ دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی .	1.000 هەزار دینار
4.	فۆرمی مۆڵەتی هێنان (اجازه استیراد)	10.000 دە هەزار دینار.

6. پشکنین و هەڵسەنگاندنی جۆری بۆ دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە ڕێی تاقیگەکانی جۆری دەرمان (لە ئەستۆی داواکاری مۆڵەتی فرۆشتنی دەرمان دەبێت) .

نرخی هەڵسەنگاندنی جۆری دەرمان لە تاقیگەی بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە پێ ی جۆری هەڵسەنگاندن و جۆری دەرمان دەبێت ، کەمترین نرخ (200.000) دوو سەد هەزار دینار دەبێت لە جیاتی (25.000) بیست و پێنج

هەزار دینار وە زۆرترین نرخ (600.000) شەش سەد هەزار دینار دەبێت لە جیاتی (250.000) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار بەم شێوەی کە لە خشتەکە رووندکراوەتەوە.

Tablets	450.000
Capsule	
Oral solutions & suspensions	
Topical solutions & suspensions	
Ear solutions & suspensions	
Rectal and vaginal suppositories	
Inhalation & Aerosol	500.000
Cream	
Jel	
Ointment	
Ophthalmic solutions and suspensions	
Others	
Injection	600.000
Medical appliance	200.000

7. پێدانی ڕێگە پێدان بۆ دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی (20.000) بیست هەزار دینار دەبێت لە جیاتی 10.000 دە هەزار دینار.

8. پێدانی مۆڵەتی هێنانی ئاسایی بۆ دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی (50.000) پەنجا هەزار دینار دەبێت (هەروەك لە گۆتووسی پێشوو دا هاتووە).

9. پێدانی مۆڵەتی کاتی بۆ دەرمان و ئامێر و پێداویستی پزیشکی (50.000) پەنجا هەزار دینار دەبێت لەجیاتی (150.000) سەد و پەنجا هەزار دینار.

د. گۆڤەند عومەر امین
بەڕێوەبەری گشتی

قاسم سلیمان حکیم
ب. جێبەجێکار

د. سلام محمد جوامێر
جەرمانساز

د. گۆڤەند عومەر امین
بەڕێوەبەری گشتی

د. ئازاد عزیز

د. هۆزان جرجیس احمد

د. ئیزدان صادق علی

دەرمانساز

دەرمانساز

دەرمانساز